# دەسەڵاتی ئەمرۆو ئاوارەکان لەکوردستان!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk

هەبوونی ئاوارە لەکوردستاندا دیاردەیەکی بەرچاوە، چ وەك بوون و چ وەك نارەزایەتی، لەکاتێکدا کوردستان بەعەمەلی 16 ساڵە لەژێر حاکمیەتی دەسەلاتدارێتی بۆرژوا ناسیونالیزمی خۆوولاتی کوردیدایە، وە 4 ساڵیشە چ هەرەشەو چ رژێمەکەی سەدام بەعەمەلی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە نەماوە و دەسەلاتدارانی کوردستان بەهەموو بێئاسۆییەکەوە کەهەیانە بەلام زیاتر دڵنیا ترن لەچاو سەردەمی رژێمەکەی سەدامدا. لەکاتێکدا لەسەردەمی سەدامدا جۆرێك ئاوارە هەبوو، ئەویش ئاوارەکانی راکردوو لەژێر چنگاڵی رژیمی بەعسدا بوو.

ئەمرۆ نەسەدام حسین ماوە نەرژیمە هارەکەی، کوردستانیش ئازادەو بەدەست حیزبە دەسەلاتدارە کوردیەکانەوەیە، بەلام هەلومەرجی گوزەرانی خەڵك رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبیت و دیاردەی سەرکوت و بێخانەولانەیی‌و بێئیشی زیاتر دەبێت، لەوە واوەتر چەند جۆرێك ئاوارە دەرکەوتوە، لەچەشنی ئاوارە ئێرانیەکان، ئاوارەکانی شەری ناوخۆ و ئاوارە کەرکوکیەکان و لاوانی ئاوارەی سەرسنورەکان.

بێگومان بۆ خەڵکی کوردستان ئەم دیاردەیە وەك باقی دیاردەو رووداوە دلتەزێن و کارەساتبارەکانی تری لەچەشنی گەندەڵی و کۆبونەوەی سەروەت و سامان و کۆشکی جوان و رازاوە، تازەترین مۆدیلەکانی سەیارە لەلایەك و هەژاری و بێکاری و نەبونی ئاوو کارەباو سوتەمەنی لەلایەکی ترەوە، شتێکە خەڵکی کوردستان بەخوین و گۆشتیان هەستی پێدەکەن، بەهەر پاکانەو شاردنەوەیەکی سەرانی ئەحزابی کوردی و حکومەتی هەرێم، کە دەڵێن لەکوردستاندا ئاوارە نیە، بەلام ئەو قسانە ناتوانرێت قەناعەت بەخەڵك بکات و وەك شتێکی پوچ دەبیسترێ، وە دەزانن قسەی لەوجۆرە هیچ شتێك نیە تەنها چەواشەکاریەکە وەك ئەوەی پاساوێکەو هیچی تر.

بەلام ئەگەر بپرسین سەرچاوەی ئەم ئاوارانەی ئێستا لەکوێوەیە، ئایا شتێکی جیایە لەسیاسەت و فکرو بەرنامەی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی و دسەلاتەکەیان، کە نایانەوی وەلام بەخواستەکانی خەڵکی کوردستان بدەنەوە، ئەوا بەروونی و زۆر بەسادەیی لەهەر کەسێکی خەڵکی کوردستان بپرسیت دەڵێن ئەوە یەکێتی و پارتی و حکومەتەکەیانە سەرچاوەی ئاوارەیی، برسیتی و هەژاری و بێئاوو کارەبایی و سوتەمەنی و ئاوارەییە.

ئەگەر بەتایبەتی باسی ئاوارەکانی ئیستای کوردستان بکەین، ئەوا وەك باقی شتەکانی تر چەند حکومەتی هەرێم و حیزبەکانی بیانەوێ پەردە پۆشی بکەن، بەلام نارەزایەتیەکانی ئەم بەشە لەکۆمەڵگا بەهۆی تایبەتمەندیەکەوە کەهەیانە ئەویش ئاوارەی سەردەمی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد و حکومەتەکەیەتی و ناتوانرێت رێگا لە میدیاکان بگیرێت بۆ پەردەپۆشکردنی، هەتا خودی میدیاکانی حیزبە دەسەلاتدارەکانیش دادەگرێت.

کاتێك خەڵکی کوردستان ئەم دیاردانە لەئاوارەیی دەبینن موچرك دایاندەگرێ کەئایا ئەبێت چارەنوسیان لەژێر دەسەلاتدارێتی ئەم حیزبە خۆوولاتیانەدا چی بەسەر بێت؟، لەکاتێکدا کەپێشتر وایان دەزانی کەئاوارەیی بەرئەنجامی سەرکوت و ڕاونانی رژێمەکەی سەدامە، وایان دەزانی تەنیا لەژێر دەستی بۆرژوازی داگیرکەرو بۆرژوازی قەومی غەیرە خۆوولاتیدایە  کەئاوارەو ئاوارەیی دروست دەبێت، بەلام ئەمرۆ بۆ خەڵکی کوردستان شتەکان سەدوهەشتا دەرەجە پێچەوانە بۆتەوەو لەهەموو کات زیاتر رۆشنبۆتەوە کە بۆرژوازی موشەخۆر لەسەر لاشەی خەڵك دەژی، بۆرژوازی خۆیی بێت یان دەرەکی هەر سەرکوتگەرو مشەخۆرەو جیاوازی نیە، ئەگەر قەرار بێت هێزیك سەرکوتگەر بێت، خارجی بێت یان داخلی هەر سەرکوتگەرە. بۆرژوازی بۆ قازانج و بەرژەوەندی خۆی، نەهاوزمان و نەهاولاتی دەناسێت، رژێمەکەی سەدامیش هاوکاتی سەرکوتی خەڵکی کوردستان، خەڵکی عەرەبیشی سەرکوت دەکرد، هاوکاتی مشەخۆری بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە مشەخۆر بوو بەسەر سەری خەڵکی عەرەبەوە لەجنوب و ناوەراست، هاوکات چۆن سەرچاوەی ئاوارەو ئاوارەیی خەڵکانێکی زۆری کوردستان بوو، ئەوا بەسەدان هەزار لەخەڵکی عەرەبیشی ئاوارە کرد، ئیتر بۆرژوازی بەشوێن قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوەیەتی لەپێناویدا دەست بۆ هەموو شتێك دەبات.

ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی نەغەدری لەکەس کردوەو نەشتێکی زیاتری لەماهیەتی چینایەتی خۆی کردوەو دەیکات، ئەوە بەرژەوەندی بۆرژوازیانەی خۆی وا دەخوازێت، کەدەست بۆ هەمو شتێك بەرێت، یان رونتر بڵێین ئەوە بەرنامەو سیاسەت و ماهیەتی خۆیەتی، هەمیشە ئامادەیە بەسەدان هەزار لەخەلکی کوردستان بکاتە قوربانی بەرژەوەندی خۆی، بەخاتری پاراستنی کوردسیەکانی خۆیان ئامادەی هەموو سازشێك هەن، ئەوەتا قوربانیەکانی شەری ناخۆ لە 1996 وە تا ئیستاش هەر ئاوارەن، بە سەرنجێکی خێرا بەسەر ئەو ئاوارەو ئاوارەییەی کەئیستا لەکوردستان هەیە، باسەکەمان زۆرتر رۆشن دەکاتەوە.

لەهەفتەی پێشوودا لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پارتیدا ئاوارە ئیرانیەکانی نیشاندەدا، ئاوارە ئیرانیەکان ناوێکە لەو خیزانانەی کەلەساڵەکانی 1975 و داواترەوە بەهۆی رژێمەکەی سەدامەوە ئاوارەی ئیران بوون و ماوەی چەند ساڵیکە گەراونەتەوە کوردستان، ئەگەرچی بەرنامەکە دەیویست ڕوخساری دزێوو دیکتاتۆری بەعس نیشانبدات کەچۆن ئەوانەی ئاوارە کردوە کە نزیکەی دوو دەیە لەئیراندا بوون، بەلام هەر خۆیان بەجێگیر نەزانیوەو ئاوارە بوون، بەلام لەدواندنی هەریەك لەو خیزانانە باس و هەدەفی تەلەفزیۆنی پارتی پێچەوانە کردەوە، کاتێك پرسیار لە کچ و کورە گەنجەکان و  دایك و باوکیان دەکرا، هەموو ئیشارەیان دەدا بەوەی کەئیستا وەزعیان

خراپتره لەو کاتەکەی کەئاواره بوون لەئیران، باسیان دەکرد کەلەوێ وەزعی ژیان و گوزەرانیان زۆر باشتر بووه، ئاوو کارەباو سوتەمەنیان هەبوه، لەوەش زیاتر گاڵتەیان پێدەکرێت لەوەی کەئیرانین و جلوبەرگ و قسەیان بەجۆرێکی تره، وه بەئاواره ئیرانیەکان ناویان دەبەن.

بەواقعی بۆ ئەوانێك کەئێستاش لەکۆمەڵگایەکدا دەژین مەعیشەتیان لەخوارەوه بێت و مەسەلەی سوتەمەنی و ئاوو کارەبا بۆیان مەسەلەیەکی گرنگ و حەیاتیە، ئەوا ئەوان لەئاوارەییدا ژیان بەسەر دەبەن.

بابێینە سەر ئاوارەکانی شەری ناوخۆ، کە تائێستاش نزیکەی یانزه هەزار کەسێك دەبن لەئاوارەکانی شەری ناوخۆ کەسەر بەپارتی بن و لەناوچەی ژێردەسەڵاتی پارتیدا ژیان بەسەر بەرن، ئەوانە خەڵکی سلێمانین و ئێستا لەهەولێرو دەوروبەری نیشتەجێ بوون، رۆژی 2007/1/23 نزیکەی سێ سەد کەس لەو ئاوارانە بۆ چەندەمین جار کۆدەبنەوەو خۆپیشاندان دەکەن بۆ نارەزایەتی دەربرین بەحکومەتی هەریم و حیزبەکانی، کەئاوڕیان لێنادرێتەوه، کەیەکێك لەو ئاوارانە بەناوی بارزان سلیمان کەلەسالی 1982 وه سەر بەپارتی بوەو لەگەل براکەیدا زیندانی کراون و دوایی براکەی ئیعدام کراوه، ئاوا دەدوێت: لەساڵی 1982 وه پێشمەرگەری پارتیم و ئەگەر لەوکاتەوه ئاووم بفرۆشتایە ئێستا ژیانیکی ترم هەبوو، وه لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت، ئەمە چوارەمین جاره خۆپیشاندان دەکەین، بەلام هیچ دەرئەنجامێکی نەبووه. سەرچاوەی هەواڵ و وێنە ئاوینە - ژماره 53ی 1/23 لاپەره 3.

ئەگەر جۆرێکی تری ئاوارەکانی کوردستان بخەینە ڕوو، ئاواره کەرکوکیەکانی نیشتەجێی مەعەسکەر سەلامەو لەساڵی 1991 ەوه لەوێ نیشتەجێ بوون واتە 16 ساڵ لەگەڵ تەمەنی دەسەلاتی ئەو حیزبانەو حکومەتەکەیاندا لەکوردستاندا ئەمان هەر ئاوارەن و لەو کوردستانە گەورەیەدا بستێك زەوی نیە تیایدا نیشتەجێ بن.

ئەگەرچی سەرانی ئەو حیزبانە نەزەریان وایەو دەڵێن لەکوردستاندا ئاواره نیە وەك قسەکانی مستەفای سەید قادری جێگری فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەڵێ کەئەوان لەشوینێکدا نیشتەجێن کەموڵکی فەرماندەیی گشتیەو ئەوان خۆیان بەئاواره ناو دەبەن لەکاتێکدا ئاواره نەماوه!! ئەو قسانە لەبەرامبەر خۆپشاندانی ئاوارەکانی مەعەسکەر سەلامدا دەکات کەنزیکەی 200 بۆ 300 ماڵ دەبن، کە دەسەلاتداریتی دەیەوێ لەوێ دەریان بکەن، بەبێ ئەوەی شوێن و جێگایان بۆ دابین بکەن، وه مستەفای سەید قادر لەدرێژەی قسەکانیدا لەسەر ئەو جێگایە کەباس دەکرێ بدرێت بە هێزی ئەمریکی دەڵێت: ئەگەر لەکاتێکدا ئەو شوێنانە بدرێت و بکرێت بەسەربازگەی ئەمەریکیەکان موڵکی فەرماندەیی گشتیەو ئاساییە. سەرچاوەی هەواڵ و وێنە هاولاتی 2006/12/12

بەلام جۆرێکی کەی ئاوارەو ئاوارەیی کەئەمرۆ ڕوخساری کۆمەڵگای کوردستانی داگرتوە، هەتا زۆرێك لەخێزانی گرتۆتەوەو بەدڵەراوکێ هەم ئاوارەکان و هەم خێزانەکانیان ژیان بەسەر دەبەن، ئەویش لاوانێکە کەلە16 ساڵی رابردوداو تا ئیستاو تا نوسینی ئەم بابەتە لێشاوێکە کەبەربینی بەخەڵکی کوردستان گرتوه، لەژێر حاکمیەتی دەسەلاتداریتی ئەحزابی کوردیدا.

لاوانێك و هەتا خێزانێك گەلێك کەهیچ ئاسۆیەکیان لەبەردەمدا نەماوه بەجیا لەوەی کەبژێویان خراپەو پاروه نانێك لەقورگی شێردا کەبەدەستی بهێنن دەرهینانی سەختەو نازانن ئایندەیان چی لێدێت بەدەست لێپرساوان و سەرانی ئەو حزبانەوه، بەدەست ساتوسەودایان لەگەل ئەحزابی دەسەلاتداری عەرەبی و ئیسلامی لەعیراق و لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا، بەدزینی سەروەت و سامانی کۆمەڵگاو گەندەڵیەوه، هەر بۆیە ڕێگایەك لەبەردەمیاندا نەماوه تەنیا راکردن نەبێت لەژێر چنگاڵی دەسەلاتداریتی ئەمرۆی کوردستان و ئاوارەبون بەرەو ئایندەیەکی نادیار.

لاوانێك کەبەتەواوی نەوەیەکن لە دەورەی دەسەلاتداریتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیدا پەروەردەبوون، بەلام هیچ شتێك بەو حیزبانەو دەسەلاتەکەیانەوه نایانبەستێتەوه، کوردستانێك بۆئەوان کەئۆمیدو رۆشناییەکی تیدا نیە، بۆیە بەناچار ملی ڕێگای نادیاری ئاوارەیی سنورەکان و دەریا و پۆلیسی هاری وولاتەکان دەگرنە بەر، بەشوێن ژیانێکی ئینسانیو باشتردا، لەگەڵ ئەوەی جێگایەك نەماوه بۆئەوەی بتوانن ئیستقراری تیدا بکەن، بەژیانی پەنابەری و ڕاونانی پۆلیس و ژیانی نا ئیستقراری ولاتەکانیش رازین، بەلام دەسەلاتدارانی کوردستان ئەوانەشیان پێڕەوانابینن و ساتوسەودا لەسەریان دەکەن، ڕوداوی گرتن وراونان و دیپۆرتکردنەوەی دەیان پەنابەری کورد لەبەریتانیا بەدەستو قاچ بەستراوی نمونەیەکی ئاوارەیی لاوانی کوردستانە.

ئاوارەکانی کوردستان گۆشەیەکی بچوکی ژیانی خەڵکی کوردستان دەردەخات، لەژێر حاکمیەتی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردیدا، بەلام گۆشەیەکی پڕ ناسۆرو سەخت، لایەنێك لەژیانی خەڵك لەژێر ئەو دەسەلاتەدا کەهێشتا ئاسۆی دەسەلاتیان لەژێر رەحمەتی بۆرژوا قەومی و ئیسلامی عەرەبی و خۆشباوەری بەسیاسەتی ئەمریکادایە، ئەگەر دەسەلاتیان جێگیر بێت ئەبێ چی کارەساتێك بەسەر خەڵکی کوردستاندا بیهێنن!؟